**ڕێنمایی دەستەبەری دارایی (الكفالە) و بەڵێننامە (التعهد) بۆ خوێندكارانی وەرگیراو لەزانكۆی ڕاپەڕین**

**بەڕێوەبەرایەتی كاروباری یاسایی لەزانكۆی راپەڕین ئاگاداری خوێندكارانی وەرگیراو بۆ ساڵی خوێندنی (2019 – 2020)ی زانكۆی راپەڕین دەكاتەوە كە هەر خوێندكارێكی قۆناغی (یەك) كە لە بەشە زانستیەكانی زانكۆی راپەڕین وەردەگیرێت، دوو مامەڵەی یاسایی لە بەڕێوەبەرایەتی یاسایی هەیە ئەوانیش: دەستەبەری دارایی (الكفالە) و بەڵێننامە (التعهد)، كە پێویستە خوێندكار سەردانی ئەو بەش و كۆلێژە بكات كە لێیوەرگیراوەو بۆی پڕبكرێتەوەو هەردوو مامەڵەكە و كەفیلەكەش بهێنێتە بەردەم لیژنەی یاسایی (دادنوس)ی زانكۆمان:**

**دەستەبەری دارایی (الكفالە):**

**1- هەموو خوێندكارانی خوێندنی بەیانیان/ بەخۆڕایی پێویستە دەستەبەری دارایی (الكفالە) بكەن بە بڕی (3,000,000) سێ ملیۆن دینار، بەم شێوەیە، كەفیلەكە لە فەرمانگەكەی خۆی (شوێنی كارەكەی) پشتگیری فەرمانبەری دەهێنێت و پێویستە كۆی گشتی مووچەی مانگانەی ئاماژەپێكرابێت لە نوسراوی پشتگیریەكەیدا (نابێت مووچەی مانگانەی لە 250,000 دینار كەمتر بێت) لەگەڵ وێنەیەك لە ناسنامەی كەسی (استنساخی ناسنامەی كەفیل)، پێویستە كەفیلەكە لەبەردەم لیژنەی یاسایی (دادنوس)ی زانكۆمان ئامادە بێت بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی و واژۆكردنی دەستەبەریەكە، دوای تەواوكردنی كارە پێویستەكان دوو وێنە (نسخە)ی پێدەدرێتەوە یەكێكیان بۆ پاراستنی لای خۆی و ئەوەی تریان بۆ ئەو بەشەی كە خوێندكارەكەی لێوەرگیراوە.**

**2- سەبارەت بە بڕی پارەی دەستەبەری بۆ خوێندكارانی خوێندنی بەیانیان/ پاراڵێل بە بڕی ئەو پارەیەیە كە لێیان وەردەگیرێت بۆ كۆی ساڵەكانی خوێندن (خوێندنی چوار ساڵە و خوێندنی پێنج ساڵە)، بە نمونە ئەگەر خوێندكارێك لە بەشی یاسا بخوێنێت كە (5) پێنج ساڵە و خوێندكار ساڵی (1,100,000) یەك ملیۆن و سەد هەزار دینار دەدات بە زانكۆ ئەوا بڕی دەستەبەریەكەی (5,500,000) پێنج ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار دەبێت و ئەگەر خوێندكارێك لە بەشی پەرستاری بخوێنێت كە (4) چوار ساڵە و ساڵی (1,650,000) یەك ملیۆن و شەش سەدو پەنجا هەزار دینار دەدات بە زانكۆ ئەوا بڕی دەستەبەریەكەی (6,600,000) شەش ملیۆن و شەش سەد هەزار دینار دەبێت و بۆ ڕوونكردنەوەی زیاتر لەسەر بڕی دەستەبەری دارایی بۆ خوێندكارانی خوێندنی بەیانیان/ پاراڵێل لە سەرجەم بەشەكان ئەم خشتەیە دەخەینە ڕوو:**

**بڕی دەستەبەری بۆ خوێندنی بەیانیان / پاراڵێل**

| ژ | بەش | بڕی پارەی ساڵانە / پاراڵێل | ساڵەكانی خوێندن | بڕی دەستەبەری دارایی (كەفالە) بە دینار |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئەندازیاری شارستانی | 2,200,000 | خوێندنی 4 ساڵە | 8,800,000 |
| 2 | ئینگلیزی, كۆمپیوتەر, سامانی ئاژەڵ ، باخداری | 1,100,000 | خوێندنی 4 ساڵە | 4,400,000 |
| 3 | یاسا | 1,100,000 | خوێندنی 5 ساڵە | 5,500,000 |
| 4 | كوردی ، عەرەبی، مێژوو, جوگرافیا فەلسەفە | 550,000 | خوێندنی 4 ساڵە | 2,750,000 |
| 5 | ,پەرستاری | 1,650,000 | خوێندنی 4 ساڵە | 6,600,000 |
| 6 | كیمیا | 1,375,000 | خوێندنی 4 ساڵە | 5,500,000 |
| 7 | باخچەی ساوایان, بیركاری , فیزیا | 825,000 | خوێندنی 4 ساڵە | 3,300,000 |

**3. هەر خوێندکارێك دەبێت کەفیلێك لەگەڵ خۆی بهێنێت و پشتگیری فەرمانگەکەی پێبێت کە فەرمانبەرە تیایداو ئاراستەی سەرۆکایەتی زانکۆی ڕاپەڕین / بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی کرابێت بە شێوەیەك کۆی گشتی مووچەی کەفیل لە ساڵێکدا بکاتە ئەو بڕەی بۆی دەبێتە کەفیل ( نمونە: کەسێك دەتوانێت ببێتە کەفیلی خوێندکارێك کە بە سیستەمی پارالێل لە بەشی ئەندازیاری دەخوێنێت کە کۆی گشتی مووچەکەی لە یەك ساڵدا بکاتە (8,800,000) هەشت ملیۆن و هەشت سەد هەزار دینار لەگەڵ وێنەیەك (نسخە)یەك لە پێناسی کەفیل هەروەك لە خاڵی (2) ڕوونکراوەتەوە.**

**بەڵێننامە (التعهد):**
**هەموو خوێندکاران پێویستە بەڵێننامە پربکەنەوەو پەسەندی ئەو خاڵانە بکەن کە تیایدا هاتووە:**
**کلێشەی بەڵێننامە بۆ خوێندنی بەیانیان / بەخۆڕایی و خوێندنی بەیانیان / پارالێل، پێویستە خوێندکار دوای پڕکردنەوەی بەڵێننامە بەزانیاری دروست لەو بەشەی لێیوەرگیراوە لەگەڵ خۆیدا بیهێنێت بۆ بەردەم لیژنەی یاسایی (دادنوس)ی و واژۆی لێوەردەگیرێت و کارە پێویستەکانی بۆ تەواو دەکرێت و دوو وێنەی پێدەدرێتەوە، وێنەیەك بۆ پاراستنی لای خۆی و ئەوەی تریان بۆ ئەوبەشەی لێیوەرگیراوە.**

1- **بەڵێننامەی (5) پێنج خاڵی بۆ خوێندکارانی خوێندنی بەیانیان (بەخۆڕایی).**
2- **بەڵێننامەی (4) چوار خاڵی بۆ خوێندکارانی خوێندنی بەیانیان (پارالێل).**
3- **بەڵێننامەی (7) حەوت خاڵی بۆ خوێندکارانی خوێندنی بەیانیان (بەخۆڕایی) تایبەت بە کۆلێژی زانستە ئەندازیاریە کشتوکاڵیەکان.**

**تێبینی/**

- **ئەو خوێندکارانەی ناتوانن دەستەبەر (کەفیل) لەگەڵ خۆیان بهێنن بۆ بەردەم لیژنەی یاسایی (دادنوس)ی زانکۆمان دەتوانن لە نزیکترین دادنوسی ناوچەکەیان (کاتب العدل) دەستەبەری دارایی (الکفالە) بکەن بەو مەرجەی لە ناوەرۆکی کلێشەی دەستەبەریەکەدا ئاماژە بەو بڕە پارەیە بکرێت کە خوێندکار بۆ سەرجەمی ماوەی خوێندنەکە دەیدات بە زانکۆ (بۆ ئەو خوێندکارانەی بە سیستەمی پاڕالێلا) دەخوێنن.**
- **ئەو خوێندکارانەی لە بەشە زانستیەکانی زانکۆمان وەرگیراون و بە خۆڕایی (بێ بەرامبەر) دەخوێنن پێویستە لە ناوەرۆکی کلێشەی دەستەبەریەکەدا ئاماژە بە بڕی دەستەبەری (3,000,000) سێ ملیۆن دینار بکرێت.**